گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هێز و دەسەڵاتی سیاسی لە هونەری پەیکەرسازی لەسەردەمی ئاشوری نوێ (٩١١-٦١٢پ.ز)

**چرۆ بێستون حمد**
بەشی شێوەکاری, کۆلێژی هونەرەجوانەکان, زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق.
Chrobestun82@gmail.com

**پ. ی. د. نعمان جمعه ابراهیم**
بەشی شوێنەوار, کۆلێژ ی ئاداب, زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق.
noman.ibrahim@su.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بواریکە بۆ باسکردن لە هونەری پەیکەر سازی سەردەمی ئاشووری نوێ (٩١١-٦١٢ث.ز) وەک گەلێکی دێرینی وولآتی دوو رووبار کەلةسەرەتای هەزارەی دووەمی پیش زایین بةدیارکەوتوون ودواتر بوونەتە خاوەن پێگەیەکی بةهیز بالآدەست لەسەر ئاستی رۆژهةلآتی کۆن. شوینەوارناسان و پسپۆران باس و لێکۆلینەوی زۆریان لەسەر شارستانیەتی گەلانی کۆنی میزۆپۆتامیا لەبوارەکاني سیاسي و سةربازي و شارستاني و هونەری...هتد خستووەتە روو. بە پشت بەستن بەپاشماوە هونةرییەکان کە بە سەرچاوەییەکی رەسەنی باوەرپیکراو هەژماردەکرێت لە دوای تێکستەمیخیەکان .

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (هێزو دەسەڵاتی سیاسی لەهونەری پەیکەرسازی سەردەمی ئاشوری نوێ (٩١١-٦١٢پ.ز)تێیدا توێژەر هەوڵی داوە چۆن هونەری پەیکەرسازیەوە بکات بە نمونە بۆئاشنا بوون بە بەشیێک لە مێژووی ئاشوری ؟.

توێژینەوەکە خۆی لە پوختەو چوار بەش دەبینێتەوە .تییدا ئاماژە بە گرفت وگرنگی وئامانج وسنورو مەودای توێژینەوەکەکراوە، لە گەل

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/١
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٢٤
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Sculpture, Art, Political, Power, Authourity.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.3

پێناسەی زاراوەکان . (ئەنجام، دەرئەنجام، پێشنیارەکان) خراونەتەڕوو، کە تویژەر لە میانەی شیکردنەوەی مشتەکان پێی گەیشتووە.

## 1.چوارچێوەی گشتی توێژینەوە: بریتیین لەم خاڵانەی خوارەوە

### ١-١ گرفتی توێژینەوە:

هونەری پەیکەرسازی لە کۆنەوە وەک ئامرازێک بەکارهاتووە بۆ گواستنەوەی بیر و هزرو تەنانەت گوزارشتە لەو راستییانە کە هەڵقوڵاوی ناخی پەیکەرسازەکەیە، لێرەدا توێژەر کێشەی توێژینەوەکە بە پرسیارێک دەخاتەروو ئەویش ئەوەیە : ئایا هێز و دەسەڵاتی سیاسی لە نێو هونەری پەیکەرسازی لەسەردەمی ئاشوری نوێ (٩١١-٦١٢پ.ز) بەرجەستە بووە ؟

### ٢-١ گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە:-

أ- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی سوود بەخش بە ناوەندە زانستی و رۆشنبیری وپەرتووکخانەکان ،بە تایبەتی بۆبواری هونەری شێوەکاری پەیکەرسازیدا.

ب- ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە بۆ توێژەر و قوتابیانی هونەر و پسپۆرانی بوارەکانی هونەر بە گشتی وهونەری شێوەکاریش بەتایبەتی.

### ٣-١ ئامانجی توێژینەوە:

بیتیە لە لێکۆڵینەوەو هەڵوەستەکردن لەسەر بەرجەستە بوون و ڕەنگدانەوەی هێز و دەسەڵاتی سیاسی لە نێو هونەری پەیکەرسازی لە سەردەمی ئاشوری نوێدا (٩١١-٦١٢پ.ز).

### ٤-١ سنووری توێژینەوە:

سنووری بابەت: بابەت هێزو دەسەڵاتی سیاسی لە هونەری پەیکەرسازی.،

سنووری شوێن: عێراق.

سەبارەت بە مەوداو سنووری توێژینەوە لە روی کاتەوە لە نیوان: (٩١١-٦١٢پ.ز).

**٥-١ پێناسەی زاراوەكان:**

پەیكەرSculptureیان (پەیكەر سازی )لە ڕووی زمانەوانی:

هەڵكۆڵینی چیا، هەڵكۆڵینی پارچەیەك، هەڵكۆڵینی نەخشكردن، كە واتای هەڵكۆڵینی لەسەر دەكات هەڵی دەكۆڵێت." دەبەخشێت(خیاط،1974،ص660) لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و دەلیت چیاكان هەلدەكۆلی دەیان كردە مالیك تییدا پاریزراوبوون (وكانوا ینحتون من الجبل بیوتا أمین)(سورة-الحجر-82)

وە هەروەها هونەری هەلكۆلین خۆی لە خۆیدا جیاوازی هەیە لەگەل هونەرەكانی تر هەربۆیە شیوەكانی هەلكۆلینی پەیكەری لەخۆ دەگریت كە سێ ڕەهەندی هەیە و ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی كە هەست بە پارچەو جوولەی جیاواز بە ئاراستەی بۆشایی لەناو هونەری هەلكۆلین بەپێ ئەم پیناسانە -جۆرەها پیكهینان و ئاویتەكردن وە دروست كردن بەشیوەی جیاواز (جلال فخری،2009،لا51)

هونەری پەیكەر سازی :

هربت رید بەم شێوەیە پێناسەی پەیكەر دەكات ودەڵێت: هەر كارێك كە خاسیەتی سێ ڕەهەندی هەبێت لە هونەری شێوەكاری پێی دەڵێن پەیكەر . ئەم هونەرە بەشێوەیەكی گشتگیر هونەری پەیكەر سازی بریتییە لە هونەری شێوەكاری ولقێكە لە هونەری بینراوە،كارلە سەر بەرجەستەكردنی بیرۆكەكان دەكات بەپەیڕەوكردنی شێوەی (سێ ڕەهەندیی) ،لە ڕێگەی بەكارهێنانی چەندین جۆری خامە وەک ،بەرد ،كانزا ،دار ،ئێسک ،سیرامیک و ماددەی تری جۆراوجۆر . چێژ وەرگرتن لەم هونەرە لەڕێگای بینین و دەستلێدانی و هەست كردن بە هاوسەنگی و جوڵەی پەیكەرەوە دەبێت .ئەم هونەرە سێ جۆرە-پەیكەرسازی باڵا (بەرچاو)-یان -دیار – دووەم هونەری پەیكەر سازی بەرجەستە یان جەستەكان( المجسم ) قوول ( النحت الغائر). هەر بۆیە هربت رید دەڵێت: هەر كارێك كە خاسیەتی سێ ڕەهەندی هەبێت لە هونەری شێوەكاری پێی دەوترێت پەیكەر، (رید،1994،ص١٢).

دەستەلات لە ڕووی زاراوەیی:

زاراوەی دەسەڵات لە شێوەزاری لاتینی( accoritte)وەگیراوە . كە بەمانای ئەو كەسە دێت توانای فەرمان دەركردن وجێبەجێكردنی هەبێت ج تاك یان گروپ یان كۆمەڵێك خەڵك بێت. بە شێوەیەكی گشتی زارەوی (دەستەلات) بەكاردێت بە مانای فەرمانڕەوایی سیاسی (وهبة،1998،ص375).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەر:
لەرووی زمانەوانیەوە: "کارێکی داهێنانە لە بواری وێنەکێشان، پەیکەرسازی، موزیک، هەروەها هەموو بورەکانی هونەرجوانەکان،"، (عمر، ٢٠٠٨ ، ص١٧٤٦).

بەڵام هونەر رووی فەلسەفیەوە: بریتییە لە گشتی بریتیە دروستکراوو کارو چالاکی جوانان کە هەست و سۆزو خۆشی دەبەخشێتە دەرونی بینەر ،بە پشت بەستن بە تواناو لێهاتوی خاوەنەکەی ، (مدکور، ١٩٨٣ ، ص١٤٠).وە(علی ،٢٠١١،ص٣٢-٣٨).هەروەها بریتیە لەگشت داهێنان و بەرهەمێکی هونەریی کۆن وئیستاشی لە گەل دا بێت کە وەک نوێنەرایەتی شوناس و کلتوری و گوزارشت کردنە لە مێژووی مرۆڤ بەبێ جیاوازی (عبالله،١٩٧٣،ص١٠).

## 2. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### ٢-١ تەوەرەی یەکەم : تیشکێک بۆ سەر مێژووی کۆنی وولاتی ئاشوری تا ماوەی ، (٩١١-٦١٢ پ.ز)

### یەکەم :دەرزازەیەک بۆ جوگرافیای مێژوویی کۆنی وولاتی ئاشور،

وولاتی ئاشور دەکەوێتە بەشی باکوری رۆژهەلاتی عیراق ،رووباری دیجلە لە باکوری رۆژئاوا بە ئاراستەی باشوری ڕۆژهەڵاتی خاکەکەی تێپەڕدەبێت ،زنجیرە چیاکانی زاگرۆس طوروس لەڕۆژهەڵات و باکورەوە سنوری سروشتی ئەم وولاتە پێکدینێت ، سنوری باشوریشی بە ئاراستەی روباری فورات دەروات تا دگاتە دەوروبەری زێی سەرسار،سەبارەت بە سنوری ڕۆژئاوای دەگاتە لێوارەکانی دەریای ناوەڕاست ،بەلام ئەم سنوورە جیکیر نەبووەو بە گوێرەی بارودۆخی سیاسی لەناوچەکەدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. (فراوان یان بچووك بۆتەوە بە شێوەیەکی بەردەوام (دیلابورت،لابەرە291،باقر،1973،لابەرە163)، وولاتی ئاشور سێ زێ بریویەتی ئەویش دیجلەو هەردوو زیی سەروو و خواروو، بەڵام سروشتی ریرەوەکانی ئاوی ئەم زێیانە سوودو کاریگەری نەبووە لە بەکارهێنانی بۆمەبەستی ئاودێری و کشتوکاڵی لە ناوچەکانی باکور (سلطان،2000،لابەرە61).بەڵام بوونی سەرچاوەی تری ئاولەم ناوجانە وەك ئاوی بیرەکان و کارێز و گۆمی ئاو، کە لەوەرزی بەهار هەڵدەقوڵێ دەبیتە هۆی دابین کردن و بەردەست بوونی دۆخێکی گونجاو بۆ پەیرەوکردنی جۆرەها چالاکی کشتوکاڵی لە ناوچەکە.((oates.1968,p.4هەروەها ،الکاتب،2007،لا38)هەروەها ریژەی باران بارینی گونجاو لەم ناوجەیە سوودی دەرفەتی رەزساندوە بۆ گەشەکردنی ڕەولگاو ڕووەلاندن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وبەخێوکردنی ئاژەڵ ، بەمەش ژینگەی ناوجةکة هەلێگی باشی بۆ ئاشوریەکان فەراهەم کردوە لە پێناو پێشخستنی تواناکانیان بةرةو سەقامگیربوون و دروستکردنی جةندین ناوةندی گرنگ وەک شارەکانی (ئاشور ،نەینەوا ،نمرود )لەسەر لێواری دیجلە و دانیشتوانی ئەم ناوچەیە سوودی زۆریان لە ئاوی ئەو زێیانە بینیوە بەتایبەتی لە میانەی گواستنەوە و پرۆسەی بازرگانی لە دار و مەوادی تر لە گەل هەرێمەکانی دەوروبەریان و هێنانی بۆ ووڵاتی ئاشور لەپاڵ ئەوەش دا روباری دجلە سروشتەرێگا بووە لەم روەوە (علي قاسم محمد.1983،لابةرة20).

بە هۆکاری بوونی هەندێک ڕێڕەوی سروشتی لەسنوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی ووڵاتی ئاشوور بەتایبەتی لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس . کە بونەتە دەروازەی هاتووچۆ بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات بەرەو هەولێر .بەتایبەتی ڕێگاو ڕێڕەوەکانی چیای ڕواندوز کەناوچەکاکی دەریچای ورمێ بەیەک دەبدستێتەوە، ( وێنەی 1)،هەروهالە باشوری ڕۆژهەڵات بەرەو دەشتایەکانی کەرکوک وسلێمانی ڕێڕەوی هاتوچۆ هەبووە بە ئاڕاستەی لای (هەمەدان لە ئێران)(oates,1968 p.4)لە پاڵ ئەمەشدا بوونی مەوادی سەرەتای (خام) و چەندین جۆری بەردی باش لە ناوچە چیاکان کەرەستەی سەرەکی بووە لە دروستکردنی بناغەی شارستانیەت بە(نةخشةی1)(الكروي،2011،لا168) سود وەرگرتن لێیان بە تایبەتی بۆ ڕازاندنەوەو روبۆشکردنی شوراو کۆشکی پاشاکان .بةمةش هەلی رەخساندوە بۆ برەودان بەکاروچالاکی هونەریی لەلایەن هونەرمەندانی ئاشوری. بەڵگەش بۆ ئەمە لە دۆزینةوەی چەندین دیمەنی پەیکەرسازی هةلکۆلدرای جۆراو جۆر لەسەر دیواری شوراو کۆشکةکان و شوراو روی چیاکان بەدیار دەکەوێت.(عامر،1992،لابةرة317) کە تاکو ئێستائەو پاشماوانە ماون و شوێنەوارناسان لێکۆڵینەوەیان لەسەردەکات.



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێگومان بارودۆخی ژینگەی ناوچەکە کاریگەری گرنگی لەسەر ژیانی ئاشوریەکان بەجێهێشتوە ،ئەمەش وای کردوە کە خۆڕاگربن و لە هەمان کات برەو بە چەک و جبەخانەی سەربازی بدەن بەشێوەیک بگونجێت لەگەڵ سروشتی ژینگەکەیان لە قولاییی تاکو بتوانن ناوچەکەیان بپارێزن لە ئەگەری هەرهێرش وپەلامارێک کە روبەرویان دەبونەوە ،ئەمە لەکاتێکدایە کە هەمیشە ووڵاتی دوو ڕووبار بەدرێژایی مێژوو بەردەوام هەڕەشە ی لەسەر بووە ،(ساکز ١٠٨،١٩٧٩) .بەهۆکاری گرنگی پێگە جوگرافی و مێژوویەکی .

بارودۆخی سیاسی ووڵاتی ئاشورو ناوچەکە بەگشتی تا پێش هاتنی پادشا شلمەنسەری سێیەم (٨٥٨-٨٢٤پ.ز) بۆ سەر کورسی دەسەڵات .تاڕادەیک ناسەقامگیر بووە ،بۆ نمونە سنورەکانی لای ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاواو میرنشینەکانی سەر بە دەوڵەتی ئاشوری ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر بووە تەوە کەخۆیان لە دروستکردنی ژمارەیەک میرنشینی بچووک دەبینێتەوە لە تەواوی وولاتی شام (سلێمان، ١٩٩٢،ص220) لەوانە مەملەکەتی (ئارام نهرام) لە نێوان خاپور و فورات و مەملەکەتی دمشق ناوچەی (سنجرلی) (زهدی،بشیر،1959،لاپەرە77،صوبحی،1989،لاپەرە١٤٨) لەپاڵ ئەمەشدا ناوجەی فەلەستین دابەش دەبێت بۆ سێ هەرێم – ئەوانەیش هەرێمی باکور پایتەختەکەی سامرە بووە – (نابلس) و هەرێمی باشور ناوەندی شاری قودس و فەلەستین، پایتەختەکەی (غەززە)(سوسە،احمد،١٩٧٨،لاپەرە20) بوو .

**دووەم؛ نەژاد و نیشتیمانی ئاشوریەکان.**

ئاشووریەکان بە نەژاد دەگەرینەوە سەر سامیەکان وهۆزە عەرەبە کۆنەکانی نیشتە جێ ی (دورگەی عەرەبی) ،دواتر رودةکەنە ولآتانی سوریاو فەلەستین و عیراق ،لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە باکوری وڵاتی دوور ڕووبار جیگیردەبن (رشید،٢٠٠٤، ص٧١.سلیمان،١٩٨٣، ص١١٩) بەمەش دەردەکەوێت ئاشووریەکان ڕاستەوخۆ لە دوورگەی عەرەبیەوە نەهاتوونەتە باکوری ووڵاتی دووڕووبار،بەڵکو بۆ ماوەیەکی کاتی لە بەرزایەکانی دوروبەری رووباری فورات و لێوارەکانی ڕوباری بالێخ نیشتەجێبوونە(سلیم،١٩٨٩، ص٣١٤) (الوردی،٢٠١١، ص١٢٠). دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پاشماوەی شارستانیەتی ئاشوری لەو ناوچانە کە بۆ ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە سەڵمێنەری ئەم ڕاستیەن.(شریف،ب،ت، ص١٤١)

سەبارەت بە ناوی ئاشوور پێدەچێت بەشیک لە ناوچەکانی باکوری وڵاتی دووڕووبار تا دەوروبەری هەزارەی سێیەمی پێش زایین بە (سۆبارتۆ)دەناسرا ،بۆیە لە سەرەتا بە ئاشووریەکان دەوترا سۆبارییەکان وەک لە چەندین دەقی مێخی ئاماژە بەم ناوە کراوە ، بە تایبەتی دەقە میخیەکانی سەردەمی بابلی کۆن .(الزيباری،٢٠٠٩، ص٥١٨). لەئەنجامی تێکەڵ بوونی سۆبارتییەکان لە گەل دانیشتووانی ناوچەکە دەستەواژەی(وڵاتی ئاشوور و ئاشووریەکان )بەکاردەهێنرا تا کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی سیاسیی ئاشووریەکان.(عبدالواحد و سليمان،١٩٧٩، ص٢٤-٢٥)

بەبۆچونی توێژەران و پسپۆران ناوی ئاشوور لەناوی پایتەختی ئاشووریەکانەوە هاتووە کە شاری ئاشوورە بووە ،دواتر ئەم ناوە بە خوداوندەی نەتەوەیی ئاشووریەکان وتراوە .بەم شێوەیە ئەم ناوە بەردەوام بووە تا ئاوابوونی دەسەڵاتی ئاشووریەکان لە سەرگۆڕەپانی سیاسی .(سليمان،١٩٨٣، ص١٢٠ السعدی،١٩٩٥، ص١٥٧).

سەرەرای ئەوەی ئاشووریەکان بەشێک بوونە لە سۆبارتیەکان بەڵام بەردەوامی لەهەوڵی دوور خستنەوەیان بوونە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی رۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە وخۆیان وڵاتەکەیانیان لە ناوی سۆبارتۆپاراستوە،چونکە دەستە واژەی سۆبارتۆبە مانای کۆیلە دەهات، بە گۆیرەی دەقە میخیەکان وڵاتی سۆبارتۆ یەکێک بووە لە سەرچاوەی سەرەکی کە بابلییەکان کۆیلەیان لێوە دەهێنا،ئەمە لەکاتێکدایە کە دەستەواژەی(Subarum)لە زمانی ئاشووری کۆندا مانای کۆیلە(عبد) بووە.(علی،١٩٨٣، ص١٥) لێکۆڵینەوەی نوێ دەریدەخات کە هیچ پەیوەندی لە نێوان وشەی سۆبارتۆ و کۆیلەدا لە زمانە کۆندا نیە . بەڵام لە زمانی سۆمەریدا وشەی(سۆبار) بە مانای ئەو میللەتانەی دێت کە لەدەرەوەی سنوری ئەوان دەژین، (عبدالله،٢٠٠٠، ص١١١؛زيباری،٢٠١٤ل٦٧)

بنچینەی ئاوی ئاشوورلەلایەن توێژەرەوانەوە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، تاکوئێستا یەکلانەبوەتەوەئەم لەنێوان ئایە ئەم ناوە بۆ یەکەمجار ناوی شاربووە ،یاخود سەرەتا بەکارهاتووە وەک ناوی خواوەندی نەتەوەییان( ئاشوور) ئینجا بۆتە نازناوێک بەسەر ئاشوورییەکاندا).حبيب،١٩٨٦، ص٥؛ (Borget,1988,p55بەڵام کۆنترین دەقی مێخی بە زمانی سۆمەری کە لەسەر ناوی ئاشوور بەدەست گەیشتووە بە شێوەی (A.USAR) هاتوە ،هەروەها لە دەقە میخیەکانی سەردەمی ئەکەدییەکان کە لە شاری نوزی دۆزراوەتەوە،بە شێوەی(A-sur)هاتووە وەک ئاماژەیەک بۆ ناوچە

یاخود شوێن . هەروەها ناوی ئاشورلە سەرچاوەکانی ئارامی و عەرەبیدا بە شێوەی ئاثور و ئافور هاتووە،(باقر،٢٠٠٩، ص٥١٧) . بەڵام نووسەرە کلاسیکیەکان ناوی(Aaayria) بەکار هێناوە کە مانای شار یان خاکی ئاشوور دەگەینێت ، لە هەمان کاتیشدا نووسەرە هاوچەرخەکان ناوی(ئاشوور) بە زاراوەی رۆژئاوایی(Ashur)یان(assur) یان بەکار هێناوە .(الدوری،٢٠١٢، ص٨).

## تەوەری دووەم ؛ ڕەنگدانەوەی دۆخی سیاسی و سەربازی لە هونەری پەیکەرسازی سەردەمی ئاشووری نویَ دا(٩١١-٦١٢ پ.ز).

سەردەمی ئاشوری نویَ نزیکەی سێ سەدەی خایاندووە لە ساڵی ٩١١پ.ز تا کەوتنی نەینەوا پایتەختی ئاشوریەکان وکۆتایی هاتنی یەکجارەکی دەسەڵاتیان لە٦١٢ پ.ز.  ئاشوریەکان لەو ماوەیەدا فەرمانڕەوایەتی روبەرێکی  فراوانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن دەگرنە دەست و ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو بەهێز لە ڕووی سیاسی دادەمەزرێنن .لە بواری سەربازیش دا دەبنە خاوەنی سوپایەکی تۆکمەی بە هێزو پڕچەک ،رۆڵی هەبووە داگیرکردنی زۆر لەپێگەو شوێنی ستراتیژی  لەوسنورە بەربڵاوەی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری کە لەکەنداوی عەرەبی و ووڵاتی عیلام ڕۆژهەڵات و چیاکانی ئەرمینیا لەلای باکور و دەریای ناوەڕاست تا دەگاتەلای ڕۆژئاوای ووڵاتی میسرو بیابانی عەرەبی لەباشورەوە .( باقر ،١٩٩٩، ص٥٨١ ).

سەبارەت بکلتوری هونەریی ئاشوریەکان درێژکراوەی هەمان کلتوری قۆناغەکانی پێشوتری ووڵاتی میزۆپۆتامیا بووە  . بەڵام بارو دۆخی نێو خۆیی ووڵاتی ئاشور کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەبێرەسەندنی هونەر بەشێوەیەکی گشتی وبەیکەر سازی بە دیاری کراوی، ئەمەش لە بوونی ئەندازەیەکی زۆر لە دەیمەنی هونەری ئەو سەردەمە دەردەکەوێت کە زۆر بە روونی بارو دۆخی سیاسی وهێزو دەسەڵاتی پاشاکانی  تێیدا بەرجەستە بووە لەوێناکردنی پاشا وەک کەسی یەکەم لە لوتکەی  دەسەڵاتی سیاسی وولات وبەرجەستکردنی گشت کارو چالاکیە جۆراوجۆرەکانیان(وێنەی١)


.

(وێنەی 2) کیلەی رەش (المسله السوداء)صاحب،٢٠١٣،ص٣٠٥

وەک لەم دیمەنە هونەرییەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشای ئاشوری شەلمنەسەری سێیەم (٨٥٨-٨٢٤پ.ز) تێبینی دەکرێت کە چۆن پەیکەرسازی دەبێتە ئامرازێک بۆ نمایشکردنی دەست کەوتی سیاسی وسەربازی و خستنەرووی سروشتی سیستەمی پیادەکراوەیی فەرمانڕەوایەتی ئاشووریەکان و هێز و توندوتیژی وهەڵسوکەوتیان بەرانبەر دوژمنایان و نەیارەکانیان. ئەم دیمەنەبریتیە لە بەشی سەرەوەی کیلەی رەش (المسله السوداء ) کە بە شێوازی هەڵکەندن لە سەر پارچە بەردێکی مەرمەر دیمەنی جەنگ و رواوی سەرکەوتنی پاشا شەلمنسەری سێیەم بەرجەستە دەکات بەسەر یەکێک لە میرنشێنەکانی جولەکەکان کە (مەملەکەتی یەهودا )بووە بەدیل گرتنی پاشاکەی بە ناوی (یاهو) لە ساڵی ٨٤١ پ.ز.دیمەنەکە بە شێوەیەکی هونەری روداوەکە بەرجەستە دەکات کە چۆن پاشای ناو براو لە پاش شکست هێنانی لە بەرانبەهێزی ئاشوری ڕێو رەسمێکی سەرکوتندا کە چۆن خۆی رادەستی ئاشوریەکان دەکات وکرنوش دەبات بۆ پاشای ئاشوری و پابەندی خۆی بۆ دەسەڵاتی ئاشور دوپات دەکاتەوە (صاحب،٢٠١٣،ص٢٥٠). ئەوەی جیی ئاماژە پێکردنە مسلەی رەش (المسله السوداء ) وەک لە (وێنەی 2) بەدیاردەکەوێت بریتییە لە هەیکەلێکی لە بەردی رەخامی رەش (حجر الرخام الاسود ) دروست کراوە و لەلایەن شوێنەوارناسی بەناوبانگی ئینگلیزی (ئۆستن هنری لایارد ساڵی ١٨٤٥ زاینی لە ئەنجامی کنە وپشکنین لە شاری نمرودی پایتەختی ئاشوریەکان دۆزراوەتەوە ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشای ئاشوری (شەلمنەسەری سێیەم ٨٥٨-٨٢٤پ.ز). ئەم کێلەیەیە (مسلە ) شێوەکەی لاکێشەییەو سەرەوەی لە سەر شێوەی پلیکانیەو (المدرجات –زقورە ) هەر چوار روەکەی بە دیمەنی سیاسی و سەربازی بە نەحتی بارز هەڵکۆڵدراوە باس لە سەرکەوتنەکانی باشای شەلمەنەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکات لە ناوچەکانی فەلەستین و خۆبەدەست دانەوەی پاشای جولەکەکان چۆنێتی وەرگرتنی باج و سەرانەو تەسلیم بوون بە دەسەڵاتی ئاشەری لە ڕێورەسمی ئاهەنگی سەرکەوتن دا (صاحب،٢٠١٤،ص٣٩٣). لە مشتەکاندا شیکردنەوەی زیاتر بۆ ئەم کیلەیە دەکەین .

هەر لەم ڕوانگەیەوە هونەری پەیکەرسازی ئاشووری نوێ بەجیاواز دەرکەوێت بەبەراووردکردن بەقۆناوغەکانی تر بەهۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو پەیکەرانەی کە مەبەست لە دروستکردنیان ئامانجی سیاسی ونیشاندان ودەرخستنی شکۆو کەسایەتی پادشا وەك پادشایەکی خاوەن هیزو تواناداروسەرکەووتو و ئەفسانەیی ، ئەم شێوازە زۆر بە روونی لە هونەری پەیکەرسازی سەر (مسلات) (کیلەکان )دەردەکەوێت وەک دیارترین و بە ناوبانگترین هونەری ئەو سەردەمە پێناسەی بۆ دەکرێت (مصطفی،ب،ت،لابةرة19).

پەرەسەندنی ئەم هونەرە تەنها لە گرینگدان بە دیمەنی جەنگ و سەربازی خۆی نابینێتەوە ، بەلکو دەبینرێت وەك بەڵگەی مێژوویی و سەرچاوەی باوەڕپێکراو پشتیان پێدەبەسترێت بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لەسەر دۆخی سیاسی سەردەمی ئاشووریەکان ونیشان دانی پەیوەندیان لە گەل هێزەکانی تری ناوچەکە . بەتایبەتی لە خستنە ڕوی پەیوەندی دیبلۆماسی و شێوازی پرۆتۆکۆلی و ڕێکەوتنی سیاسی لەگەل هێزەکانی تردا .زۆر جار ئەم بابەتە لە دیمەنە هونەریەکاندا بەرجستە دەبێت ، نمونەش بۆ ئەمە وەک لە دیمەنێکی هەڵکۆڵدراو لەسەر لەوحێکی بەردی مەرمەر کە ئیستا لە موزەخانەی بەغدایە (وێنەی3) ،دیمەنەکە تیشک دەخاتە سەر بەستنی ڕێکەوتن و هاوپەیمانێتی ئاشتەوایی لە نێوان پاشای ئاشوری شەلمنەسەری سێیەم (٨٥٨-٨٢٤پ.ز) لە گەل پاشای بابلی –کلدی (مەردوخ –زاکیر –شومی ) لە شاری بابل .کە بۆ ماوەیەکی دور درێژ دژ بە دەوڵەتی ئاشوری جەنگاوەو سەربەخۆیی راگەیاندوە.لەم دیمەنەدا دەبینرێت کە چۆن هەردوو پاشا دا کۆتایی بە بار گرژی و ئاڵۆزی نێوانیان دەهێنن لەرێگەی ڕێکەوتن هاوپەیمانێتی ( صاحب،٢٠١٣،ص٢٨١). لەم دیمەنەدا دەبینرێت کە چون لە دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتنەکە تەوقەی ئاشتەوایی و پیرۆزبایی لەیەکتر دەکەن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی 3 دیمەنی هاوپەیمانێتی (صاحب،٢٠١٣،ص٣٤٣)

بێگومان هونەری پەیکەرسازیزۆر ئاشوری وەک هونەری جەنگ ناسراوە، چونکە بەشێکی زۆر لە دیمەنەکانی ئەم هونەرە تایبەت بووە بەگێرانەوەی دەستکەوتەکان ونمایشکردنی ئەنجامی شکستی بەرهەڵستکارانیان کە لە رێگای (فتوحات و جەنگەوە ) بەدەستیان دەهێنا .لەهەمان کاتیشدا ئەم دیمەنانە دەرفەتێکی رەخساندوە بۆ نمایشکردنی ئامێرو کەل و پەل و هێزوتوانا سەربازیەکانیان کە تا رادەیەکی کاریگەری هەبووە لە رۆخاندنی ورەی دوژمنانیان . بۆ نمونە لە دیمەنێکی هەڵکۆڵدراو لە سەر لەوحێکی بەردین کە لە کۆشکی پاشای ئاشوری ناسر پالی دووەم( ٨٨٣-٨٥٨پ.ز) لە شاری نمرود دۆزراوەتەوەو ئیستا لە موزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە(وێنەی 4 ). ئەم دیمەنە گوزارشت لە پەلاماری سەربازی بۆ سەر دوژمن دەکات ،بریتیە لە گالیسکەیەک دوو ئەسپ ڕایدەکێشێت بە ئاراستەی سەربازە هێرش بەرەکان کە لەحاڵەتی هێرش و پەلاماردان بە چەک وتفاقی جەنگیەوە (الحیالی،٢٠١٩،ص٣٦٣).



وێنەی4 دیمەنی گالیسکەی سەربازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە لایەکی ترەوە تا رادەیەکی بەرچاو ئەم دیمەنە هونەریانە کرابوونە بەشێک لە پێکهاتەی میعماری و زەخرەفی بیناسازی وەک ئامرازو کەرەستەی زەخرەفە بۆ نەخشاندن و رازاندنەوەی دیواری کۆشك وتەلارو دەروازەی شارەکان بە دیمەنی هێرش و پەلاماری سەربازی و وێرانکردنی شار و پێگەی دوژمنەکانیان کە زۆر بە تێرو تەسەلی بە شێوەیەکی وردو واقیعیانە سیمای هونری ئەو سەردەمە بەرجەستە کراوە ،( .Beek Marthin a4,1962,p.27). ئەمانە بە گشتی بەڵگەن لە سەر رەنگدانەوەی کاری سەربازی و جەنگ لە دیمەنەکانی هونەری پەیکەر سازی وتابلۆی گەچ و مەرمەڕبگرە لە بوارەکانی هونەری تریشدا (سليمان،1993،لابةرة342).


(وینەی 5)مظلوم ،1985،ج2،لابةرة67-69)

ئاشووریەکان بە بەردەوامی هەوڵیان داوە ناوچە ستراتیژی و دورە دەستەکان لە دەرەوەی سنوری وولاتی ئاشور کۆنترۆڵ بکەن ،لەرێگەی هێرش وپەلاماری سەربازییەوە ،هەر لەسەر ئەم بنەمایە گرنگی زیاتر دراوە بە هونەری پەیکەرسازی بۆ خستنە ڕووی کارو چالاکی سیاسی و سەربازی ،ئەمەش وایکرد کةپادشاکان هانی پەیکەرسازان بدەن بۆ ئەوەی کە وێنەو دیمەنی ئەو کارانەیان لەسەر ئەو شوێنانەی سەرەوە بە جوانترین شێوە ئەنجام بدەن. لةپاڵ ئةمةشدا ناوچەکانی باکوری وولاتی دوو ڕووبار دەوڵەمەن بووە بەخامەی پێویست لە بەردی جۆراوجۆر، کە بەکار هاتوون بۆ دروست کارو چالاکی هونەری پەیکەری سازی .،(ناجی،1985،لابةرة322-219). بۆ ئەو مەبەستانەی کەلە سەرەوە رونکراوەتەوە .(وینەی5)
باڵا دەستبوونی ئاشورییەکان فاکتەرێک بووە بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی داهێنان لە بواری هونەریدا ،بە دیاریکراوی هونەری هەڵکۆڵین(نةحت)کةدیارترین بابەتی هونەری بووەو زۆربەی وردەکاری ولایەنەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی لە خۆدەگرت، لە نێویاندا لایەنی سیاسی و سەربازی. لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاڵ ئەمەش ئەم هونەرە جیاواز بووە بەهۆی جۆراوجۆری بابەتەکانی، لەوانە هونەری دروستکردنی بەیکەرە گەورەکان وەك گای باڵدار کە هێمای هێز و بەرگری و شکۆداری دەبەخشی ودواتر بووەتە سیمای بە ناوبانگی شارستانیەتی ئاشوریەکان . (وێنەی6)




وێنەی-6-پەیکەری گای باڵدار وەک هێمای شکۆداری و هێزو بەرگری)(بصمەچی، ١٩٧٢،٣١٣)

هەر بۆیە زۆرێک لە دەوازەی شارو دەرگای کۆشکی پادشاکان بەم پەیکەرە رازاوەتەوەو روبۆش کراوە، کە لە رواڵەت دا مانای پاسەوانێتی و ئاگادار بوون لە رەوشی ووڵات و وەک هێمایەك لە هێماکانی شارستانییەت ومانایەکی ڕاستەقینەی – واقیعی – دەردەکەوێت ودەبەخشێت .(layard.1853.p.69)

بیکومان خسڵەت وبیرۆکەی فراوانخوازی بە زەبری هێزی سەربازی سیمایەکی دیاری ئاشوریەکان بووە وکاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر هەڵسوکەوتی باشاکان وسەرکردەکانیان ،تەنانەت ئەم بابەتە لە سەرشێوازی بیروڕای ئاینیان وشێوازی پەرستنیان رەنگیداوەتەوە،بۆیە دەبینین بەشێک لە خواوەندەکانیان هەڵگری هەمان خاسیەتی و سیمای جەنگاوەری بپێیانەوە دیارە ووە ،ئەمەش لە دیمەنێکی نەحتی بەرجەستە کە تایبەتە بە گەورە خواوەندی عەشتار دەردەکەوێت ، ئەم خواوەندە ناز ناوی (خوای جەنگ و شەڕکردن) لە ناوە و لە هەندێ دیمەنی هونەریدا بە شێوەی جەنگاوەرێکی دژوار وێناکراوە کە لەسەر پشتی شێرێک بەتفاق و جبەخانەی جەنگی بەخۆیەوە هەڵگرتووە وەک (شمشێر و کەوانی بەدەستە وەیەو تیرەکان لەسەر شانی ئامادەیە بۆ جەنگکردن)هەرچەندە ئەم خواوەندە ئافرەت بووە, بلاَم هێماکەی بە وێنە شێر گوزارشتی لە کەسایەتیەکەی کردووە . ( وێنەی 7).ئەم دیمەنە بریتیە لە دیمەنێکی هەڵکۆڵدراو لە گردی بارسیب لە باکوری رۆژ هەڵاتی سوریا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆزراوەتەوە . نیشاندانی ئەم دیمەنە دەلالەت لە دۆخی سیاسی و هێمای دەسەڵاتی پاشا دەبەخشێت کە دەسەڵاتی لە خوداوەندەوە سەرچاوەی گرتووە بەوەی وەک نوێنەرو جێبەجێکاری ڕێنمایەکانی خواوەند ەلە سەر زەوی .بەم شێوەیە دەسەڵاتی سیاسی پاشا پیرۆز بووە .



وێنەی -7– لە گردی بارسیب (صاحب، 2013،لابةرة 309 )

تەوەری سێیەم: تایبەتمەندی هونەری پەیکەرسازی سەردەمی ئاشووری نوێ:

بێگومان هونەر بە شێوەیەکی گشتی وەک بەشێکی دانەبراوی مێژووی مرۆڤایەتی پێناسە دەکرێت ، توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە کە سەرجەم بەرهەم وچالاکیە هونەرییەکانی هەر میللەتێک گوزارشت لە ئاستی شارستانیەتی دەکات ئامرازێکیشە بۆ هەڵسەنگاندن وگەیشتن بە کۆمەڵێک زانیاری لەسەر کلتوورو لایەنەکانی تری ژیانیان.(الجادر،١٩٩١، ص ٤٤٢)

پاشماوە شوێنەوارییە هونەرییەکان ئەو راستیەمان بۆ دیاردەخات کە هونەری شێوەکاری لە سەردەمی ئاشووری نوێدا گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە،بە تایبەتی هونەری پەیکەر سازی بەرجەستەکراو(النحت المجسم المدور)و هەڵکەندنی دیار (النحت البارز) هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەرێتەوە کە بەشێکی زۆر لە ناوچاکانی وولاتی ئاشوور سروشتی شاخاویەو دەوڵەمەند بووە بە سەرچاوەی چەندین جۆ ری بەرد کەیارمەتیدەر بووە بۆ فەراهەم کردنی خواستی ئاشووریەکان لە کەرەستەو پێداویستیەکانی هونەر بەتایبەتی پەیکەرسازی . (جودی،٢٠٠٥، ص ١١٠).لەسەر ئەم بنەمایە ئاشووریەکان لە وڵاتی دووڕووبار پێشەنگ بوونە لە هونەری پەیکەرسازی (فن

النحت )، ئەمەش لە ئەنجامەکانی هەڵکۆڵیی شوێنەواری دەردەکەوێت کە لە ناوەراستی سەدەی ڕابردوو لە پاشماوەی شارو پایتەختەکانی وڵاتی ئاشوور ئەنجامدراوە،نمونەی شارەکانی نەینەوا وخورسباد(دور-شارکین)و نەمرود(کالح)و چەندین دیمەنی سەرنجراکێشی تێیاندا دۆزراوەتەوە . (باقر وآخرون، ص ٢٤٣) .

هونەری پەیکەرسازی سەردەمی ئاشووری نوێ کاریگەری هونەری بابلی لەسەربووە، بەڵام سەربەخۆیی خۆی تاڕادەیەک پاراستووە،بۆیە شێوازکی نوێی وەرگرتبوو بەتاییبەتی لە کاروباری پەیوەست بە دەوڵەت داری و کاری پاشاکان بگرە لەبابەتی ئاینیش دا بەردەوام بوو لە پارێزگاری کردن لە کلتووره ئاینیەکەی خۆی .(باقر،٢٠٠٩، ص ٥٩٤)

خەسڵەتی فراوانخوازی دەوڵەتی ئاشوور لە دیمەنەکانی هونەری پەیکەرسازی ئەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان زیاتر پەیوەست بووە بە جەنگ و ،ئەمەش هونەری ئاشووری جیادەکاتەوە کە هونەری بابلی کە لایەنی ئاینی تیدا باڵادەست بووە،هەردوو خەسڵەتە جەنگی و ئاینن بنچینەکەی دەگەرێتەوە بۆ هونەری هەڵکەندنی سۆمەری و ئەکەدیی ،لە رووی بابەتەوە شێوازی حیکایەت خوازی (چیرۆک بێژی)و ئەتساکەیی باڵی بەسەر هونەری ئاشووری دا کێشا بوو،دیارە مەبەستی سەرەکیش لایی هونەرمەندی ئاشووری(پسپۆر لە بواری هەڵکەندن)گێرانەوەی چیرۆکێک بوو لە رێگای وێنە هەڵکێندراوەکان بەشێوەیەیکی ئاسان و رەوان .(دیلابورت،١٩٩٧، ص ٣٣٢؛الباشان،٢٠٠٠، ص ٨٠_٨١).

نموونە هونەریەکان کە لەلایەن شوێنەوار ناسان دۆزراونەتەوە بریتین لە نموونەی هونەری هەڵکەندن کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەکان سەردەمی ئەکەدی وبنەماڵەی ئوری سێیەم هەروەها دەربارەی ئەو نموونە هونەریانەی کە لە نەینەوا دۆزراونەتوە ،لە نموونە دیارەکانیش پەیکەری سەرێکی ییە برۆنز تایبەت بە پاشای ئەکەدی (سەرجۆن ) هەر وەکو پێشووتر ئاماژەمان پی کرد .(وێنەی8)(باقر وآخرن ،١٩٨٠، ص ٢٤٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی8 پەیکەری سەرێکی برۆنزی پاشا سەرگۆنی ئەکەدی لە نەینەوا(بصمەچی ،١٩٧٢،ل ،٢٤٩)

هونەری پەیکەرسازی لە سەردەمی ئاشووری نوێ دەگاتە لوتکەی پێشکەوتن بەڵام کەلتوری ئەو وڵاتانەی کە ئاشووریەکان دایگیریانی کردبوو لەسەربابەت و شێوازی هونەری ئەم سەردەمە کاریگەری لەسەر بە جێهێشتووە ،چونکە ئاشووریەکان بواریان رەخساندبوو بۆ هونەرمەندان و پیشەوەرو شارەزایانی وڵاتانی ژێردەسەڵاتیان بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە بەهرەوتواناکانیان .(سلیمان والفتیان ، ١٩٧٨، ص ١٨٧_١٨٨)،لە دیارترین نموونەی بەرهەمی هونەری کە بەدەست گەیشتوون بریتی بوونە لە پەیکەری پاشاکان و خوداوەندەکان و پەیکەری گای باڵدار و شێر زۆر بە لێهاتوی وشاکاری دروست کراون ،بوونەتە هێمای هێزو پیرۆزی و بەرزراگرتنی شاڵاوە سەربازیەکان لە دیمەنە هەڵکۆڵدراکان.(سلمان،١٩٨٣، ص٢٢

## بەشی سییەم: شیکردنەوەی نمونەکان:-

نموونەی(1)



پێوانە: بەرزی ٩٨ سم

مادە :رخام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شوێن:نمرود

شوێنی پاریزراوو:موزەخانەی لەندەن

ساڵ:٨٥٨ پ.ز

هونەرمەندانی ئاشووری

پەیکەری دیواربەندی پاشا ئاشورناسرپاڵی دووەم(٨٨٤-٨٥٨پ.ز کە نوێنەرایەتی دیمەنی  راوی شاهانە دەکات

-شێوەی پەیکەرەکە:

دیمەنەکە پێکدێت لە گاکیسکەیەک ئاشووری کە شۆفێرێکی تێدایە لە بەشی پشتەوە وە کەسێکیش تیر دەهاوێژێ لە شێرێک کە لە بەشی پشتەوەی گالیسکەکەیە وە لە دوواوەی شێرەکە ژمارەیەک لە پاسەوان کە پڕ چەک کراون بە چەک وە لەلای راستی خوارووی ئەسپەکانی کە گالیسکەکە رادەکێشن شێرێکی بریندار  دەبینین.

٢-شیکردنەوەی کارەکە: لە کۆمەڵێک خالی بنەرەتی پێک هاتووە لە (شێرێکی بریندار-ئەسپ-راوچی-شێرێکی تر-پاسەوان)ئەم خالانەش رێچکەو ئاوازی تایبەت دەبەخشێت .

لەلای راستەوە  پێدەچێت شێرە بریندارەکە کە بەشێوەی هێڵی ئاسۆیی کە هێڵێکی تری لەسەر بەرزدەبێتەوە کە شێوەی لاشەی راوچیەکەو ئەسپی هەیە هێڵێکی ستونی کە شێوەی لاشەی شێری دووەم کە بەشێوەی جوڵەی ئەسپێکی لە دواوەی حەرەسەکە دەجووڵێ وە ئەوانیش خۆیان پاراستووە بە درع و جلی سەربازی.

ئەم رێچەکە لەم شێوەیدا لەم کارە بە کارێکی باش دادەنرێت لە پێک هاتەی هێڵەکان و شێوەکان لە ئەسپەکان و شێرەکان و سوار چاکەکان و گالیسکەکان و پاسەوان و کە شێوازی هەدەسیی هەیە کە ئەمەش بە گەشتێکی خۆیی پاشای ئاشووی دادەنرێت

-پشت بەستەی کارەکان :

ئەم کارە پێکدێت لەسەر بنچینەی بۆ چونی گشتی لەسەر بیری کۆمەلایەتی ئاشووری کە چەند بە توانان سەرکردەکانیان بۆ لە ناو بردنی دوژمن دەستە بەکردنی ئاسایشی وڵات گالیسکەکە بە هەموو پێک هاتەی گەورەو مەن و وڵاتەکەی نیشان دەدات و نەخشی سەر گالیسکەکە مەزنی پاشاو گەورەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیشان دەدات و کاتێک رووبەرووی دوژمن دەبنەوە وە سەردەکەون لەگەڵ ئەوەش خواکان یارمەتیان دەدەن و بەرەکتی خۆیان پیان دەبەخشن.

-کەرەستەو تەکنیکەکان:

کارەکە لەسەر بانێکی رووخاوی بەردی دروستکراوە و ریزکراوە بە رێگایەکی رێک وە شێوەیەکی راست لە هەموو لایەنەکان کە سەربانێکی رێکی گونجاو نیشان دەدات بۆ کێشانی هێڵەکان وە لەگەڵ شێوانەی کە گونجاو نین بۆ دەرخستنی هەموو وردەکاریەکان

-ناوەڕۆک و گوتاری گشتی :ئەم کارە چەند بیرۆکەیەک پێشکەش دەکات وەک

- بیرۆکەی سەرکەوتن:ئەوەش دەردەکەوێ لە دیمەنی شێرەکە لەلای راست کە چاوی بە هاورێکەی دەکەوێت لە سەر زەوی کوتووە لە ژێر پێی ئەسپەکان وگالیسکەی پاشا رادەکێشێن و دیمەنی شێرەکە لە دوای گالیسەکەکە چندین تیرێکی پێکەوتووە خەریکە لە ناو دەچێ.
- بیرۆکەی هێز: ئەوەش دەردەکەوێ لە هێزی پاشا لەو هەموو هێز و کەل و پەلی شەرێکە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێ رووبەرووی دوژمن پێی ببنەوە .
- بیرۆکەی رێکخستن: ئەمەش دەردەکەوێ لە رێک و پێکی ئەسپەکان لەگەڵ گالیسکەکە وئاوردانەوەی پاشا کاتێ کەوانەو تیر کە دەگرێ بۆ دەرچوونی تیرەکەو وە ئەو پاسەوانانەی پاشا کە چەند بە جوانی لە دوای دەرۆن بە جل و بەرگ و تفاقی سەربازی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پاشای ئاشووری چەند بە دەسەڵاتە بەسەر گرانترین و ترسناکترین دوژمن زۆر ئازیانە رووبەرووی دوژمن دەبێتەوە ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو رێک خستنەی کە هەیان بووە.

نموونەی (2)



ناوی هونەرمەند:هونەرمەندانی ئاشووری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مادة:برۆنز و دار

شوێن:نمرود –موسل-باکوری عیراق

ساڵ: ٨٤٩ پ.ز

بیوانة: ١.٨مەتر پانی ، ٦.١مەتر بەرزی

موزەخانەی بەریتانی -لەندەن

ئەم نەخش و نیگارانە کە دەروازە برۆنزیەکەی بە لاواتیان رازاندوەتەوە نزیکی شاری نمرود (کالح ) ،ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم کارە گەورەترین بەرهەمی هونەری سەردەمیی پاشا شەلمنسری سێیەم ٨٥٨-٨٢٤پ.ز بووە.کە لەسەر بنکەی عەرش و میلە ڕەشەکەی شەلمنسەر بە دیاردەکەون.
تۆمارکردنی هەڵمەتە سەربازییەکانی پاشا شەلمنسەر کە لەسەر ئەم دەروازە برۆنزیە کە لەم ماویەدا سوپای ئاشوورۆة، ریزی ئەم نەخشانە بابەتی ئاسایی و تەقلیدیەکانیشی لە خۆ گرتووة وەک کەژاوەی جەنگاوەرەکان وپێدانی باج و گەمارۆدنانی قەڵاکان سوتاندنی شارە داگیرکراوەکان ، بگرە وردەکاری زیاتریشسی تیدایە کە نەتوانرابوو لە تابلۆ هەڵکەنراوەکە چارەسەر بکریت یاخود پەیرەو بکرێت لەسەر رووی یەکێک لە شریتەکان پاشای سوریا بەدیار دەکەوێت کە نەخۆشە و لەسەر جێگا پاڵکەووتوە خۆی رادەستی هێرشی ئەو تیرهاوێژانە دەکات ئەم تیرهاوێژانە جلێکی درێژی چین چنیان لەبەردایە کە تا سەر پێکانیان هاتیە کلاوێکی نووک تیژی قوچەکینا لەسەر دایە بە سێ ریز وەستاون بە شێوەی دوو جەنگاوەری جووتە تیرهاوێژەکان لە خوارەوەی ئەم شریتە کە ژاوەی دیلە سوریەکان بەدی دەکرێت کە لاشەیان رووتە و دەستیان لە پشتەوە بەستراوەتەوە لەسەر رووی شریتێکی تر کە لاشەیان رووتە دەستیان لە پشتەوە بەستراوەتەوە پاش دۆزینەوەی ڕووپۆشەکانی برۆنزی کە ڕووی دەرگای کۆشگی پادشا شلمنصری سێیەمی داپۆشی بوو. لە (أمکور – أنلیلی کۆن) نزیک نمرود  ئەوانەش جوانترین نەخشی هونەری بوون هەروەها لەکاندنی ئەو ڕووپۆشە برونزیانە بە بزمار لەسەر نێوان ئەو دەرگایانە بۆ جوانکردنی، پانیەکەی (١،٨م) و بەرزیەکەی (٦،١م) و ئەم دەرگایانە، لە هەردوو لادا ستونیان بۆ دروست کرابوو لە هەمان مادده لەبەستی بەهێزکردنی دەرگاکان و ڕووپۆشەکان ژمارەیەك خانەی ئاسۆیان تێدابووە کە لە پەلکی برۆنزی دروست کرابوون ،پانی هەر خانەیك نزیکەی (٢٨سم) بوو بە شێوەی (٢ ملم) و لەسەر ڕووی خانەکان دیمەنی لەسەر دروست کرابوو، بەشێوازی هەڵکۆڵینی باڵا کە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوشێوە بوون لەگەڵ دیمەنی هەڵكۆڵینی بەرد و دروستكردنی نەخش لەسەر لێواری ڕووپۆشەكان بەشێوازی دوو هێڵی جێگیركردنی بەهۆی بەزمارەوە لە هەردوو لای دەرگاكەدا، ئەم خانە برونزیە وێنەی ڕاستەقینەی هەندێ لە هێرشەكانی سەربازی نیشان دەدات ئەوانەی كە ئەنجام دەرابوون لەلایەن پادشا لە چەندین بەرەی جەنگی جیاوازەوە، لە باشوری بابل و لە (ئۆرارتو) لە باكور و ڕۆژئاوا – لە تەواوی خاكی سوریا تا لێواری دەریای فینیقیا لەگەڵ ئەوەش ئەم هێڵانە (خەت) بابەتی لاسایی كردنەوەی لە خۆدەگرت، وەك مانۆڕی جەنگاوەرەكان و گەمارۆدانی قەڵاكان و سووتاندنی شارەكان كە ئەمانە بەبوونە هۆی ئەوەی كە بەچەندین جۆری هونەرێكی ورد دابەهێنن و ئەنجامی بەدەن لەسەر دیواری كوشكی پادشای ئاشوری بەشێوازی هەڵكۆڵین بەڵام ئەو دیمەنانەی كە وێنەی كێشرابوو لەسەر ڕووپۆشەكان سروشتەێكی هەواڵی پێوە دیار بوو، سەبارەت بە ڕاستەقینەی ڕووداوەكە و ڕاستەقینەی وێنەكە بە زیندووە و ئەڵمام وەرگرتن هەروەها جیاواز دەركەوتنی بەهۆی جوانی هونەرەكەیان كە بەرجەستە دەبوو لەسەر دروستكردنی پەیكەر، هەروەها كاری هەڵكۆڵینی كانزاكانیان دەكرد بەهەمان شێوەی هەڵكۆڵینی لەسەر برد و گرینگیان دەدا بە چارەسەركردنی بابەتەكانی مێژووی بەڵام بەهۆی تەسەگەی ماوەی نێوان ڕووپۆشەكان نەیانتوانیوە سادەترین شێوەی جوڵەكان دیاری بەكەن وەك دیمەنی هاوكاتی ڕووداوەكان كە جوڵەی ئاڕاستەكراو لە خۆ دەگرێت هەرچەند لە سەریان پێویست بوو ئەو شتانەی لە كاتی خۆی ڕەش بۆتەوە وەیان لەدەستیان چوو بیگەڕێننەوە و لەسەر هونەرمەند پێویستی دەكرد كە بەگەڕێتەوە بۆ ڕێچەكەی پاشماوەكانی ڕابردوو لە پێناو دروست كردنی ئاوی زێیەكان وەیان زنجیرەی چیاكان هەروەها چەند دیمەنێكی دیاری كراویان دووبارە كردەوە لەكاتی جێبەجێكردنی لەگەڵ ڕووداوەكان لەگەڵ ئەنجامدانی ژمارەیەك لە كاری هەمواركردنی سادە و لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بەكەین كە چەندین ناوەڕۆک هەبوون كە هونەرمەند نەیتوانیەوە بیخاتە ڕوو لەو دیمەنانە بەهۆی تەسگی ڕەهەندەكە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند توانیویەتی كە چەندین دیمەنی گرینگ دروست بەكات سەبارەت بەم هێرشانە و سەرنج خستنە سەر ڕاستەقینەی ڕووداوەكان و ئەمەش بەدیار دەكەوێت لەسەر دیمەنی سەربازی ئاشوریەكان لەكاتی خەرێكی ئەوەن كە ئاژەڵ بخەنە ژێر ئاودا لەسەر لێواری دەریاچەی (وان) و لە دیمەنێكی تر تێبینی دەكرێت كە فەرمان ڕەوای سوریا پاڵ كەوتووە لەسەر چوارپایەكەی لە ناو تاروی كۆشكدا ئەمەش ئاماژەیەك لەوانەیە بۆ نیشاندانی

حاڵەتی نەخۆش بوونی وەیان بێزاری وە ئەم فەرمان ڕەوایە خۆبەدەست دانانی خۆی ڕادەگەیەنێت لە بەرامبەر هێزی هێرش کەر کە هێرشیان بە تیر هاویشتن دەست پێ کردووە کە پاڵپەشتی کراوەن بە عارەبانەی جەنگی .و بەدیارکەوتنی کۆمەڵێك (دیل) لەناو ئەو دیمەنە و دیمەنێکی تر نیشاندانی دۆخی هێرشی سەربازی لەلایەن پادشا شلمنصری سێیەم دەستی پێ کردووە بۆ سەر شارەکانی فینیقیە بەڵام لە دیارترین ... بریتییە لە وێنەی حاکم (صور) لەگەڵ خێزانی – هاوسەری وەیان کەچەکەی کە هەردووکیان وەستاوە لەسەر بەرزایی ناوەندی دورگە و چاودێری پرۆسەی گواستنەوەی دیاریەکان دەکەن لە دەریا بەهۆی وەیان لە ڕێگای وەیان لە سەر پەشتی ئەو قوربانیانەی کە پێشکەشی دەکەن بۆ ئاشوریەکان وا دیارە بەشێوەێکی ڕوون لەناو دیمەنەکە کە بەدیار کەوتووە کە یەکەیک لە بەلەمەکان – کەشتیەکان – لەلای ڕاستە و گەیشتونە خاڵی دیاریکراوی کە چەند (یاردێك) – یاردات – دوورە لە کەناری دەریا، هەروەها دیمەنی پیاوەیک دەبینە دەڕێ کە خرێکی پەرۆسەی بەتاڵ کردنە کە وەستاوە لەناو ئاوێکی تەنەکە (کەم) سەر ڕووپۆشە برونزیەکان دیمەنی کەوتنی شاری کرکمش نیشان دەدات لە کاتی هێرشی پادشای ئاشوری. و (سنکارە) حاکم کرکمش لە وێنەکە بەدیار کەوتووە کە (باج و سەرانە) پێشکەش دەکات بە پادشا شلمنصری سێیەم، کە ئەویش لەبەردەم چادر – خیمە – وەستاوە پێشوازی لەو کەسانە دەکات کە دیاریان بۆ هێناوە لە نێوانیان دا کەچی فەرمان ڕەوای کرکمش ی تیدایة وێنەی تیرهاوێژی ئاشوریەکان بەدی دەکرێت لەکاتی هێرش بردنیان بۆ سەر شاری (دابیقو) نزیک شاری (حلب) و لەدیمەنێکی تر دەبینین کە پادشا گوێی لە هەواڵی جەنگی گرتووە کە کۆتایی هاتووە بەسەرکەوتنی و لەهەمان کاتدا وێنەیکی تر دەکەوێتە بەرچاو کە فەرمان ڕەوای (حماة) بۆ لای پێشەوە دەڕوات سەلام دەکات و بەدیارکەوتنی گەردبوونەوەیەکی خەڵکی تر، کە .... تەرمی دیلیان هەڵگرتووە،و نیشاندانی وێنەیەکی تر سەرکەوتەنیان بەسەر سوپای کلدانیەکان لەنێوان بێستانی دارخورما لە باشوری بابل هەروەها بەدیارکەوتنی شار بیتا وە هەروەها داکوری وقاطنیەکان، و کلدانیەکان باج خراجیان و بێستانی دار خورماکانیان دەبەن بۆ ئاشوریەکان و لەهەمان کاتدا دەرکەوتنی تیمی مۆسیقا کە سرود و گۆرانی بەسەر پادشای سەرکەوتوو (شلمنصر) سێیەم دەڵێن، کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لە بەرەکانی جەنگ ، و بەرچاوکەوتنی وێنەی پیاوی ئاینی ئاشوری لە حاڵەتی پەرستن دایە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نموونەی (3)



مادە : بەردی مەڕمەڕ

شوین: نمرود ،موسل باکوری عیراق

سال: ٨٥٨پ.ز

پێوانە:١٩٧سم بەرزی ٤٥ پانی

موزەخانەی بەریتانی -لەندەن


هونەرمەندانی ئاشوری

ئةم میلەبە یەکێك لە داینەکانی هونەری پەیکەرسازی و جوانەکانی سةردەمی پادشا شةلمینسةری سێیەم(858-824ب.ز)هەژمار دەکرێت کە لەلایەن شوینةوارناسی ناوداری بةریتانی (ئۆستن هنری لایارد) لە ساڵی ١٨٤٥ زلەناو پەرستگای خواوةندی نینورتا لە شاری نمرود (کالخو)دۆزراوەتەوە، بەرزاییەکەی نزیکەی (٦ پێ) دەبێت، کە دروست کراوە لە بەردی مەرمەری ڕەش هاوشێوەی (زەقورەی بچووك)و نوسین و وێنەی لەسەر نەخش کراوە، لە هەر چوار لایەکەدا بەشێوەی (خەت) هێڵ کە دابەش کراوە بۆ (٢٤) خەتی ئاسۆیی ئەو نوسینانەی کە لەسەری تۆمار کراوە، هەواڵەکان زیندوو دەکەنەوە،باس لة بةلامارو هێرشی سەربازی پادشا شةلمینسةری دةکات کة ئەنجام دەرابوو، لە بەرەکانی جەنگی جۆراوجۆر و ئەو دیمەنانەی ئەنجام دەرابوون بە شێوەی هەڵکۆڵین کە وێنەی پادشا و فەرمان ڕەواکانی تێدا کێشرابوو لەگەڵ ئاماژەکردن نەو نەتەوانەیکە چۆن ژێر دەستی ئاشوریەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەوتوون لە ئەنجامی هێرشە سەربازیەکانیاندا و شکست هێنانیان و ە چۆن لەسەریان پێویست بووە کەوا باج و سەرانە بدەنە پادشای ئاشوری و هەر لەو وێنەدا فەرمان ڕەوای هەرێمی باکوری فەلەستین دەبینرێت کە ناوی (یاهو کوڕی عمری) کە وێنەی کێشراوە،کە کرنوش دەبات و سەری لەسەر زەوی . پەیکەرەکە لە روی هونەرییەوە بە شێوەیەکی ڕێک وپێك لە رووی ڕێکخستن شێوەی نووسین دارشتنی بۆ کراوە .هەروەها لە دیمەنەکەدا هەندێک وێنە ئاژەڵ دەبینرێت وەک باج و سەرانە یان دیاری کە پێشکەش بە پادشای ئاشوری کرابووە ، ئەو ئاژەڵانەش بریتی بوونە لە فیل و مەیمون .

نموونەی-4-



ناونیشانی کارەکە :جەنگاوەرانی ئاشورناصربال-سواری گالیسکەی جەنگی بوونەو تیرەکانیان ئاراستەی دوژمن کردیە ئەم دیمەنە بەشیوەی هەڵکۆڵینی باڵا ئەنجام دراوە.

پیوانەکەی:2.54*98سم

مێژووەکەی:سەدەی نۆیەم-پ.ز

ماددە:لەبەردی (رخام)

شوینی ئێستا تابلۆکە: مۆزەخانەی بریتانیا

سەرچاوە:budge,A.W.1944pl-xuiez

شی کردنەوەی نموونەکە:

ئەم دیمەنە بریتیە لە کارێك سەبارەت بە ژمارەیەك جەنگاوەر کە خەریکی جەنگن لەسەردەمی پادشا ئاشور ناصربالْ دووەم ئەوکات بابەتی کۆمەلگای ئاشوری بریتی بوو لە سیستەمی جەنگ وسوپا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەسوپای ئاشوری بی سوپایەکی بەناوبانگ هەژمارکراوە لەمێژووی کۆندا کەبەجیاواز دەرکەوتوون بەهۆی جۆری سەربازو وەژمارەیان وجبەخان و سیستەمی مەشق ورێکخستنێکی توند ئاشورییەکان توخمی گالیسکەیان هێنایە ناوسوپاکەی خۆیان (جوڵێنەری جەنگی)کەپێکهاتبوو لەدوو تایە کەبەهۆی ئەسپە جووڵەیان پێدەکرد وڕادەکێشرا وەیان لەسەر پشتی ئەسپەکەوە بوو وئەم گالیسکانە پەسەندیان دەکردلەم جۆرە جەنگانە کەاەرووێکی پانو کراوەیان هەبوو وەبەکاردەهات بەمەبەستی تێکدانی ریزەکانی سوپای دوژمن لەکاتی بەرخودی وە سەخت بوونی جەنگەکە وەشڵەژاندنی ڕیزەکانی سوپای دوژمن وجەنگ دەستی پێ دەکرد بە بەکارهێنانی تیر لە گشت لایەنەکانەوە و پۆلێنی گالیسکە بەدیار کەوت لە شارستانی ئاشوریەکان هەروەك هاوشێوەی دەستەی زرێپۆشی کەلەکاتی ئیستادابوونی هەیە لەناو سوپادا.

هونەرمەند کارەکەی ئەنجام داوە بەشیوازێکی ستوونی کە دەبینیین لەم وینەدا کەدیمەنی نۆ ئەسپەکە دووباردەبێتەوە کەدابەش بوونە بوونە بەسەر سێ کۆمەلەدا کە ئەسپەکان خەریکی ڕاکێشانی گالیسکە جەنگاوەرەکانە کە هەوڵی تیرهاویشتن دەدەن بەئاراستەی دوژمن و ئەسپەکان بەخێرایی جوولەدەکەن بەشێوەیەك کە بڵاوبوونەوە و رووبەرێکیان داپۆشیوە ،وە دیمەنەکە چەند پارچە پەیکەرێك لە خۆدەگرێت کە سەریان بڕدراوە ئەمەش وەك بەڵگەیەك وە یان ئاماژەیەك بۆ ترسو گەورەی جەنگەکە و جەنگاوەرەکان جووڵە دەکەن لەپشت گالیسکەکە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی تەرمی کوژراوان لە دەوروبەریان ئەمەش وەك ئاماژەیەك وەیان بەڵگەیەك بۆسەرکەوتنیان و پێشکەوتنیان لەجەنگدا و هونەرمەند پانتای وینەگرتن بەکارهێناوە بەشێوەی دیمەنێکی فراوان هەموو شتەکانی تێدا تۆمار کردووە کە چەند ئاستێك لەخۆدەگرێت وە هونەرمەند هەوڵی داوە کە ژمارەیەکی زۆری ڕووبەر بەدیاربخات لەگەڵ بەدیارخستنی ژمارەیەك لەیەکەکانی سوپا.

## ١-٤ ئەنجام و دەرئەنجام:

**ئەنجام؛**

١-٤.پەیکەرسازی دەکەوێتە هەمان ململانێی خودیەوە کە تێیدا هەموو بیرۆکە سەرەتاییەکان دروستن چونکە بیرۆکەیەکی جوانە کە جێگەی ناگۆردرێتەوە و لێبڕاوە نیە.

٢.پەیکەرسازی یەکێکە لەو بەرهەمە هونەریانەی کە ئاشوریەکان داهێنانی گەورەیان تێیدا کردوە ، لە دروست کردنی دا چەندین مەتریاڵی جۆراوجۆر بەکار هاتووە .

٣-هونەری پەیکەرسازی ئاشوری نوێ کار کردوە لە سەر بەرجەستە کردنی هزرێکی دیاریکراو کە لە ڕێگەیەوە وەکو پەیامێک ئەو هزرە بگوازێتەوە بۆ خەڵک .

٤- پەیکەر سازی ئاشوری پەیوەست بووە بە لقەکانی تری هونەرەوە،بەڵام نوێنەرایەتی یان گوزارشتی بووە لە ناو نیشانی شارستانیەتی ئاشوریەکان.

٤-٢ دەرئەنجام:

توێژینەوەکە گەیشتوەتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

١-لە میانەی شیکردنەوەی دیمەنەکانی پەریکەرسازی سەردەمی ئاشوری نوێ شکل و شێوەی ئاژەڵە گەورەو دڕندەکان وەک هێمای هێز دەرکەوتوون و دەلالەتی لە کلتورو شارستانیەتی ئاشوری کردوە .

٢- زۆر بەی دیمەنەکان ئاماژە بە خسڵەتی توندو تیژی و حەزی خۆسەپاندن بە پەیڕەو کردنی شێوازی سەرکوتکردن بەرانبەر بەنەیارانیان لە ڕێگەی هێزەوە . لە پێناو باڵا دەستی و فراوانخوازی لەسەر حیسابی گەلانی ناوچەکە .

٤-دیمەنە جەنگیەکان لە هونەری ئاشوری نویدا ئەو راستیە دەردەخات کە هێزی پاشاکان بەشێکی گرنگ بووە لە پێکهاتەی سوپای ئاشوری .

٥-دیمەنەکان بە شێوەیەکی سروشتی و واقیعی بەرجەستکراون بە شێوەیەک کە هەست بە جموجوڵ و چالاکییەکان دەکرێت ،ئەمانە ئەو راستییە دەردەخات کە هونەرمەندانی ئاشوری راستەخۆ بەشداری ئەو جەنگانە بووە.

٦-لە کۆتای ئەم توێژینەوەیە ئەوە رون دەبێتەوە کە ئاشوریەکان بەهەمان شێوەی زلهێزەکانی ئەم سەردەمە لە هەوڵی کۆنترۆڵ کردن و خۆسەپاندن بوونە لەپێناو درێژەدان بە دەسەڵاتیان بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی .

## سەرچاوەکان

سەرچاوە عەرەبیەکان :

١-اسماعیل،عزالدین،الفن والانسان،مكتبة الاسرة،مصر،2005.

٢-باقر،مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة،ج1بغداد،1973.

٣-باقر،طه،مقدمة في التاريخ الحضارات القديمة،ج1،ط2،بغدا د.١٩٨٦.

٤-باقر،طه،مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة الجزء الاول الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين ،ط1،دارالوراق للنشر،بيروت،2009.

٥-الباشا،حسن،الفنون القديمة في بلادالرافدين،ط1/اوراق شرقية للطباعة،بيروت،2000. ٦-الباشا،حسن،الفنون في عصور ماقبل التاريخ ،ط1،اوراق شرقية للطباعة،بيروت،2000.

٧-الجادر،وليد،الفنون التشكيلية الزخرفة-الخطوالرسم ،مج1،ط1،دار الكتب للطباعة والنشر ،جامعة الموصل،1991.

٨-جودي،محمد حسين،فنون العرب قبل الاسلام ،ط2،دار المسيرة،عمان،2005.

٩-حبيب،طالب منعم،سنحاريب سيرته ومنجزاته،رسالة غير منشورة،جامعة بغداد،1986. ١٠-الخاتوني،عبدالعزيزالياس سلطان،اثر البيئة الطبيعيةفي تأريخ والحضارةبلادالرافدين ،رسالة دكتوراة نحتي غير منشورة،كلية أداب جامعة الموصل،2000.

١١-خياط،يوسف،معجم المصطلحات العلميةوالفنية،دارلسان لعرب،بيروت،1974،ص660.

١٢-خليل احمد خليل،معجم المصطلحات الفلسفية،دارفكرالبناني للطباعةوالنشر،ط1، 1995.

١٣ -الرازي،محمدبن ابي بكربن عبدالقادر،مختارالصحاح،المعاجم البناني،بيروت،1930.

١٤- رشيد،عبدالوهاب حميد،حضارةالوادي الرافدين ،ميزوبوتاميا-عقيدةالدينية-الحياةالجتماعية،الافكار الفلسفية،ط1،دارالمدىللثقافةوالنشر،دمشق،2004.

١٥-ريدهربرت،تر:فتحي خليل ،دارالمأمون لطباعةوالنشر،بغداد،1994.

١٦-زهدي،بشير،مملكةدمشق الارامية،مجلةالحولياتالثريةالسورية،مج8-9،دمشق،1958-1959،ص77.

١٧-الزيباري،عزيزمحمد أمين عزيز،الحملات العسكريةالاشورية على المناطق الواقعة الى الشمال والشمال الشرقي لبلاد اشور في ضوء النصوص المسمارية المنشورة ،رسالة ماجستر غير منشورة،جامعة مؤتة،2009.

١٨-زيبارى،عزيز محمد امين ،جوگرافياى وولاتى سؤبارتؤ-ئاشوور,گۆڤارى ديرؤك،ژ3،دهؤك،2014.

١٩-ديلابورت،ل،بلادمابين النهرين الحضارتان البابلية والاشورية،ت:محرم كمال ،ط2،مصر،1997.

٢٠-سفيان،احمد،قاموس المصطلحات السياسيةوالدستوريةوالدولية،مكتبةلبنان ناشرون،ط1، 2004.

٢١- سليمان،عامر،واحمد مالك الفتيان،محاضرات في التاريخ القديم ،وزارةالثقافةولاعلام،بغداد،1978.

٢٢- سليمان،عامر،جوانب من الحضارة العراق القديم:في العراق في التاريخ،وزارة الثقافةوالاعلام،بغداد،١٩٨٣.

٢٣-سليمان،عامر،العراق في التأريخ القديم، بغداد،1992،

٢٤-سليمان،عامر،العراق في التأريخ القديم موجز التأريخ السياسي،ج1،موصل،1993.
٢٥-سليم،احمدامين،دراسات في تاريخ الشرق الاردني القديم (مصر-العراق-ايران)دار النهضة العربية ،بيروت،1989.
٢٦-سوسة،احمد،ملامح من التاريخ القديم ليهود العراق،بغداد،1978.
٢٧-سيد أحمد بخيت على ،تصنيف الفنون العربيه الٳسلاميه :دراسه تحليليه نقديه ،فرجينيا،
٢٨-صاحب،زهير، اللبوةالجريحة دراسةفى الحضارة الأشورية ،بغداد، ٢٠١٣.
٢٩-صاحب،زهير، مملكة الفن دراسة فى الحضارةالعراقية ،بغداد ،٢٠١٤.
٣٠- .طارق عبدالوهاب مظلوم واخرون،النحت ،في حضارة العراق،ج4، 1985.
٣١عادل ناجي،الاختام الاسطوانية،كتاب حضارة العراق،ج3،بغداد،1985.
٣٢-عبدللة،عبدالكريم،فنون الانسان القديم اساليبهاودوافعها ،مطبعة معارف،بغداد،1973,
٣٣-عبداللة محمدصبحي،العلاقات العراقيةالمصريةالقديمة،بغداد،1989.
٣٤-عبدالواحد،فاضل،وعامرسليمان،عادات وتقاليدالشعوب القديمة،بغداد،1979.
٣٥-عبدللة،يوسف خلف،الكوردوعلاقته بالمفردات السومرية من خلال النصوص المسمارية ،مجلة شاندةر،ع12،ص111-119،أربيل،2000.
٣٦-عبدالله ،عبد الكريم ،فنون الانسان القديم .أساليبها ودوافعها ،بغداد, ١٩٧٣.
٣٧-عصفور،محمد أبو المحاسن،معالم حضارات الشرق الاردني القديم،دار النهضة العربية،بيروت،1987.
٣٨-.على ،ياسمين عبد الكريم محمد .الأثاث قي العصر الأشوري الحديث 911-612ق.ب،بغداد ،2009.
٣٩-علي،قاسم محمد،سرجون الاشوري،رسالةغير منشورة،كلية الأداب ،جامعةبغداد،1983.
٤٠-الكسار،اكرم محمد عبد،قراءة في نتاجات الانسان الفنية الاولى ،مجلة سومر،مج32،ج1+2، بغداد،1983.
٤١-الماجدي،خزعل،أديان والمتعقدات ماقبل التاريخ،عمان،1997.
٤٢- مدكور، ابراهيم، المعجم الفلسفى، الناشر الهيئة العامة لشئون المطابع الاميرية، القاهرة. ١٩٨٣ .
٤٣-محمود، زكي نجيب، في فلسفة نقد، الناشر دار الشرق، القاهرة، مصر. ١٩٧٩،
٤٤-محمد عزت مصطفى,قصة الفن التشكيلي...العالم القديم الهيئةالمصريةالعامة للكتاب,القاهرة .
٤٥-الوردي،محمود فارس عثمان،الممالك في العراق القديم النشوء وأسباب السقوط (2112-612ق.م)،أطروحة دكتوراه غير منشورة ،جامعة الموصل،2011.
٤٦-وهبة،مراد،معجم المصطلحات الفلسفية،دارالقباء للطباعةوالنشروالتوزيع مصر،1998.
46-يوسف شريف،التاريخ فن العمارة العراقية في مختلف العصور،دار الرشيد للنشر ،بغداد،1982.

سەرچاوە ئینگلیزیەکان :

Oates,d.;studies in the ancient history of northern Iraq;Iraq,vol,xxx,1968,p.4.
Layard A H ،Discoveries in the ruins of Nineveh and Babylon ،1853.٣٨ .
BEEK, MARTIN A. *Atlas of Mesopotamia. A Survey of the History and Civilization of Mesopotamia from the Stone Age to the Fall of Babylon,London,1963.* ٣٩

# Political power and authority in the art of sculpture in the new Assyrian era (911-612 BC)

**Chro Bestun Hamad**
Department of Plastic art, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
chrobestun82@gmail.com

**Nihman Jumha Ibrahim**
Archaeological Department- College of arts, Salahaddin University- Erbil/ Kurdistan Region of Iraq.
noman.ibrahim@su.edu.krd

**Keywords:** *Sculpture, Art, Political, Power, Authourity*

## Abstract

The Assyrians are considered one of the Semitic peoples who inhabited the northeastern part of Mesopotamia at the beginning of the third millennium BC. They were able to establish a sprawling empire. In building the civilization of Mesopotamia. This research came to present a picture of the aspect of the nature of the Assyrian system of government related to the supremacy of kings and their military activities through the art of sculpture, which is one of the Assyrian art that reflects the political and military conditions of the modern Assyrian empire for the period from 911 (-612 BC).

The art of modern Assyrian sculpture was distinguished by the diversity of its subjects, and it represented an official imperial art, and most of its artistic scenes were devoted to dealing with the political aspect and expressing the personality of the king and his authority, displaying their military activities and depicting their victories on the fronts of fighting against their enemies. The souls of their enemies and how they deal with their opponents. Several models of various sculpted scenes dealing with themes of politics and military campaigns throughout the vast Assyrian Empire from 911-612 BC were displayed.

**الملخص**

يعتبرالأشوريون من الأقوام السامية الذين سكنوا الجزء الشمالي الشرقي من بلاد الرافدين في مطلع اللألف الثالث قبل الميلاد .تمكنوا من تأسيس أمبراطورية مترامية الأطراف .وكانت حضارتهم حضارة عريقة أستمدت أصولها وجذورها من الحضارات السابقة في جنوب بلاد الرافدين من الأقوام السومريين والأكديين والبابليين وغيرها من الأقوام الذين ساهموا في بناء حضارة بلاد الرافدين . جاء هذا البحث لتقديم صورة عن جانب طبيعة نظام الحكم الأشوري الخاص بسطوة الملوك ونشاطاتهم العسكرية من خلال فن النحت الذي يعدّ فن النحت احد الفنيةالأشورية التي تعكس الظروف السياسية والعسكرية للأمبراطورية الأشورية الحديثة للفترة من 911-(612ق.م) .

وقدتميز فن النحت الأشوري الحديث بتنوع موضوعاته وكان يمثل فنا رسميا أمبراطوريا وأغلب مشاهده الفنية خصصت لتناول الجانب السياسي والتعبير عن شخصية الملك وسلطته وعرض نشاطاتهم العسكرية وتصوير انتصاراتهم في جبهات القتال ضد أعدائهم وفي نفس الوقت أتخذ ملوك الأشوريون من مواضيع فن النحت وسيلة إعلامية لاشاعة الرعب والفزع في نفوس أعدائهم وكيفية تعاملهم مع مناوئيهم. هذا وتم عرض نماذج عديدة من مشاهد منحوتة متنوعة تتناول موضوع مواضيع سياسة والحملات العسكرية في أرجاء الأمبراطورية الأشورية الواسعة من 911-612ق.م .